# واتای وشه له نێوان دیدی فردیناند دی سۆسێر و هالیدایدا

پ.ی.د. ساجیده عبدالله فرهادی
کۆلێژی زمان/ بەشی کوردی
زانکۆی سەلاحەددین

## پێشەکی

**ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە:**

ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە (واتای وشە لە نێوان دیدی فردیناند دی سۆسیر و هالیدایدا)یە، کە باس لە واتای وشە دەکات لە ڕوانگەی ئەم دوو زمانەوانەوە کە هەریەکەیان سەر بە ڕێبازێکن و بیروبۆچونی جیاوازییان لە بارەی شیکردنەوەی واتای وشەدا هەیە ، سۆسیر ڕابەری ڕێبازی داماڵراو/ ڕووت( تجریدی)ە ، واتای وشەی لە میانەی شیکردنەوەی چەمکی هێمای زمانی دەخاتە ڕوو، باوەری وایە کە واتای وشە دەبێ دوو لایەنی هەبێت فۆڕم و واتا یان( ناو و ناولێنراو)، بەڵام لەسەر ئەوەش سوورە کە ئەم دووانە لە یەکتر ناکرێنەوە و پەیوەندی نێوانییان لە خۆوەیە(اعتباگی). سۆسیر پەیوەندی نێوان فۆڕم و واتا بە (هێما) دادەنێ بە لایەوە هێما دانەیەکی سەرەکی پەیوەندی کردنە. لە بەر ئەوەی (هێما) بە شێکە لە زمان و خۆشی بریتییە لە پەیوەندی، هێما دانەیەکی هۆشەکییە بەم جۆرە زمان بە لایەوە بریتییە لە پێرەوێکی هێمایی. هاڵیداش ڕابەری ڕێبازی ئەرکی(وڤیفی)ە ، واتای وشەی لە ڕێگای بیرۆکەی هاوڕێیەتی(التساوق) شیدەکاتەوە، کە لە ناوەڕاستی شەستەکاندا خستیە ڕوو بەلایەوە واتای هاوڕێیەتی ئەو واتایەیە کە لە ئەنجامی هاوڕێیەتی وشەیەك لەگەڵ وشەی تردا دێتە کایەوە . ئەم لێکۆڵینەوەیە بە شێوەیەکی گشتی باسی وشەدەکات لە روی واتاوە لە هەندێ حالەتدا وشەکان لە ناو ڕستە و دەقدا بەکاردەهێنرێن بۆئەوەی واتاکانیان ڕوونبێتەوە.

**ڕێباز و کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە:**

لەم لێکۆڵینەوەیەدا لە شیکردنەوەی واتای وشەدا ڕێبازی وەسفی ڕووت و ئەرکی بەکار هاتووە، کەرەستەی لێکۆڵینەوەکەش کوردی ناوەڕاستە نموونەو ڕستەکانیش لە قسەی ڕۆژانەو ڕۆمان و شیعر وەرگیراون.

**ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە:**

ناوەرۆکی ئەم لێکۆڵینەوەیە بێجگە لە پێشەکی ودەستپێك و ئەنجام لە دوو بەش پێکهاتووە:
لە دەستپێکدا بە شێوەیەکی گشتی باس لە واتا دەکات و جۆرەکانی دەستنیشاندەکات وەك واتای وشەو واتای ڕستە دواتر هەندێ بیروبۆچوون لەبارەی واتای وشە دەخاتە ڕوو، ئینجا لەڕوی بەکارهێنانەوە باس لە جۆرەکانی واتای وشەدەکات .

بەشی یەکەم/ ئەم بەشە تایبەتکراوە بۆ شیکردنەوەی واتای وشە لە دیدی سۆسیرەوە کە ئەمانە دەگرێتە خۆ: سروشتی هێمای زمانی ، چەمك لە هێمای زمانی لای دی سۆسیر.

بەشی دووەم/ بە ناونیشانی ( واتای وشە لە دیدی هالیدایەوە)یە، ئەم بەشەش تایبەتکراوە بۆ شیکردنەوەی واتای وشە لە دیدی هالیدایەوە بیروبۆچونەکانی دەخاتەرو وەك هاوڕێیەتی وشە کە لە شەستەکانداخستۆتییە ڕوو.

دواتر ئەو ئەنجامانە خراونەتە ڕوو کە لێکۆڵینەوەکە پێی گەیشتووە. لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەشدا لیستی سەرچاوەکان ئینجا پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی نووسراوە.

## واتای وشە لە نێوان دیدی فردیناند دی سۆسێر و هالیدایدا

### دەستپێك

واتاسازی بریتییە لە لێکۆڵینەوەی واتا، بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیەش کۆمەڵێك تێڕوانینی جیا جیا پەیدابوون، بۆ نموونە فەیلەسووفەکان لە پەیوەندی نێوان دەربڕینە زمانییەکان وەکو وشەکانی زمان لە لایەك و ئەو کەس و شت و ڕووداوانەی جیهان کە وشەکان ئاماژەیان پێدەکەن، دەکۆڵنەوە. زمانەوانانیش بۆ نموونە لەو ڕێگایانە دەکۆڵنەوە کە واتا دروست دەکەن و دوو جۆر واتاشیان لەیەك جیاکردۆتەوە(واتای هۆشەکی و واتای بیرەکی) . هەروەها هەندێ جار لە ڕۆنانی واتایی ڕستەشیان کۆڵیوەتەوە [١].ئەگەر ئێمە تەماشای لێکۆلینەوەی واتا بکەین، دەبینین لە چاو ئاستەکانی تری زمان بابەتێکی زۆرقورس و ئاڵۆزە، بۆ نموونە لە لێکۆڵینەوەی ئاستەکانی دەنگسازی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکس لە زماندا دەتوانرێت لە کاتی شیکردنەوەی یەکەکانی زمانی ئەوانەی کە لێکۆڵینەوەی مادیان هەیە باسی توخمەکانی هەریەکێك لەو ئاستانە بکەین ، بۆ نموونە ئەگەر تەماشای ئەم ڕستەیەی خوارەوە بکەین:

- کورەکە کتێبەکەی کڕی.

دەبینین لە کۆمەڵە فۆنیمێك پێکهاتووە کە دەتوانین لە نێو سیستەمی فۆنۆلۆژی لە زمانی کوردیدا وەسف و پۆلینیان بکەین، هەروەها دەتوانین یەکەکانی مۆرفۆلۆژیش دەستنیشان بکەین و لە نێو بەشەکانی ئاخاوتن دایان بنێین، دواتریش دەتوانین بە ئاسانی باسی پێکهاتە و ڕێگای ڕیزبوونی کەرەستەکانی ڕستەکە بکەین . وەك {کورەکە(بکەرە) ، کتێبەکە(بەرکارە)، کڕی(کارە)}.، بەلاّم کاتێ کە باسی واتا دەکەین دەبینین واتا پەیوەندی بە چەمك یان وێنەی هۆشەکی بۆشت هەیە، چونکە چەمکی واتا چەمکێکی فراوانەو بونێکی ماددی نییە، بەڵکو لە ڕێگەی لێکدانەوەی خودی وشەکان و تێگەیشتن لێیانەوە پێی دەگەین و بە پێی ڕێکەوتنی کۆمەڵ دانراوە و هەر کۆمەڵیشە کە گوتەکان واتادار دەکات لە گەڵ ئەوەشدا ناتوانین لە چوارچێوە و ژینگەی ئاخاوتندا پشت گوێی بخەین بە

هۆی بوونی ئەم ڕۆڵە گرنگەی کە لە زماندا هەیەتی [٢]. سروشتی واتا بریتییە لە شتێك کە جۆرە سەرسورهێنەرێکی پێوە دیارە، واتە چونکە واتا بوونێکی ماددی نییە ، بۆیە ملکەچی هەمان پارچەکردنی مادی نابێ لەوەی کە هەریەك لە توخمەکانی تری دەنگسازی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی لە زماندا ملکەچی دەبن . بە هۆی ئەم قورسی و ئاڵۆزییەوە زۆر قوتابخانەی زمانەوانی جیاواز سەریان هەڵداوە کە گرنگی بەم بابەتە دەدەن و هەریەکێکیان بیرو بۆچونی جیاوازیان لەم ڕووەوە هەیە.

لە ڕوی ماهیەتی واتاوە دەبێ جیاوازی لە نێوان واتای وشەی تەنیاو واتای ڕستەدا بکەین. لایەنی یەکەم باسی واتا دەکات لە ئاستی وشەدا (واتای وشە بریتییە لە ڕەنگدانەوەی شت و دیاردەی جیهانی واقیعی لە مێشکی مرۆڤدا کە دەخزێتە ناو وشەو دەبێت بە ناواخنی[٣]) واتە بریتییە لە واتای فەرهەنگی وشە[٤] بە واتایەکی تر بریتییە لە واتای هۆشەکی وشەکەو ئەو واتایەی بە پەیوەندی لەگەڵ وشەی تردا دروستی دەکات، چونکە وشەکانی دەوروبەری واتای تاکە وشەکە دیاری دەکەن ، واتای هۆشەکی گرنگترین جۆری واتایەو دەچێتە ناو فەرهەنگەوە، بەڵام لایەنی دووەم باسی واتا دەکات لە ئاستی ڕستەدا ، واتای ڕستە بریتییە لە کۆبونەوەی واتای تاکە وشەکان لەگەڵ واتای ڕێزمانی، واتای ڕێزمانیش ئەو واتایەیە کە لە ڕیزبوونی کەرەسەکانەوە دێت ، چونکە ریزبوونی کەرەسەکان واتای وشە دەگۆڕێ. بنچینەی ئەم دابەشکردنە لە ڕاستیەکی روون هەڵدەقوڵێ ئەویش ئەوەیە کە هەموو ڕستەیەکی تەواو لە وشەی خاوەن واتای روون و ئاشکرا پێکدێت. بۆئەوەی وشە واتای روون و ئاشکرای هەبێ پێویستە جووت بێ لەگەڵ ئەو واتایەی کە سیفەتی گشتی هەیە یان دەبێ وشە وەکو هێمای هاوبەشی بەکارهاتوو بێ لە لایەن هەموو تاکێکی ژینگەی زمانی. بۆ نموونە ئێمە واتای (دار، چیا، شێر، بەرد، ئاسن،..... هتد)دەزانین، چونکە واتای وەکو ئەم وشانە بەندە بە واتای زانراو لای هەمووان، بەڵام واتای هەندێ وشەی وەك(تۆزوبا، بندیوار، پایزە برا، کونە با،....) روون و ئاشکرا نییە لە ئاستی بەکارهێنانی گشتیدا، واتا بریتییە لە دەرئەنجامی بەکارهێنانی وشە لە یەك ژینگەی زمانی[٥]. زمانەوانان جەخت لە سەر ئەوە دەکەنەوە کە دەبێ واتای ڕستە لە ڕوی لۆجیکەوە گونجاو بێت ، بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت لە لێکدانەوەی واتای ڕستە ئەم خاڵانە لەبەرچاو بگیرێت:(ا- لێکۆڵینەوە لە واتای وشە سەربە خۆکان نەك ئەرکەکانییان، ب- لێکۆڵینەوە لە واتای فەرهەنگی و ئاسایی وشەکان نەك واتای نائاسایی)[٦].

کاتێ کە وشە تەنیا لای دەستەیەکی دیاریکراو لە ناو کۆمەڵدا بڵاو دەبێتەوە، یان لای چینێکی دیاریکراوی وەك(قوتابی، ئاسنگەر، دارتاش، پزیشك،..... هتد) ئەمە واتای ئەوەیە کە بواری واتا بە پێی ئاستی دیاریکراو لە بەکارهێنان دیاری دەکرێ. کە پێی دەگوترێت( زمانی تایبەت) وەکو

بەكارهێنانی وشەی (ڕەگ ) لای زمانەوان ،لای جوتیار، لای پزیشك ، لای دارتاش و ... تاد هەریەكەیان واتایەك دەبەخشن.

بەڵام كاتێ وشە لە ماوەیەكی مێژووی تەمەنی زماندا بڵاو دەبێتەوە و بەكاردێ ، دواترلای بەكارهێنەری زمان لەكاردەكەوێ بە هەر هۆكارێك بێت كە هۆكارەكان زۆرن، واتاكە تەنیا گرنگییەكی مێژوویی دەبێ لە وانە وەك وشەی (دەلاقە، كەندو، دژون، قەمەرە،......) لە زمانی كوردیدا لەكار كەوتوون و ئێستاكە بەكار نایێن.

كەواتە واتای وشە یەكێك لەم سێ وێنەیەی خوارەوە وەردەگرێ:

١- واتای گشتی بەكارهێنانی بڵاو (ئەم جۆرەیان لای زۆربەی كەسانی ژینگەی زمانی بەكاردێ و تێی دەگەن).

٢- واتای تایبەت( ئەم جۆرەیان تێگەیشتن و بەكارهێنانی چڕدەكرێتەوە لای كۆمەڵێكی دیاریكراو لە بەكارهێنانی زمانی).

٣- واتای مردوو( ئەم جۆرەیان وشە لە بەكارهێنانی دەوەستێ لە كاتێكی دیاریكراو لە مێژووی زماندا).

لێكۆڵینەوەكەی ئێمە زیاتر پەیوەندی بە جۆری یەكەمەوە هەیە.

تێڕوانینی گشتی بۆ واتای وشە ئەوەیە كەواتاكە پەیوەندی بەناوەرۆكەوە هەیە ، بەوەی وشە بە پلەی یەكەم وەك هێما بەكاردێ بۆ هەرشتێك لە: (بوونەوەر، بێگیان، ڕووداو،....هتد) بیروبۆچوونی زمانەوانان و قووتابخانە زمانەوانییەكان لەبارەی سروشتی ئەم پەیوەندییانە جیاوازن.

ڕێبازی داماڵراو/ ڕووت (ناو وناولێنراو) بەیەكەوە دەبەستێتەوە بە ڕێگای چەمك یان بیری ڕووت كە لە هزردا هەیە. ئەم ڕێبازە فردیناند دی سۆسیر نوێنەرایەتی دەكات بە تێگەیشتنی لە هێمای زمانی، هەروەها ئۆگدن و ریچاردس هەردووكیان ئەم پەیوەندییەیان ڕوونكردۆتەوە لە میانەی ئەوەی كە لێكۆڵینەوەكانی واتایی بە (سێگۆشەی بیر) ناوبانكی دەركرد. بۆ ڕوونكردنەوەی ئەم بیرۆكەیەش واتای وشە لە سەر سێ چەمك دادەمەزرێ هەروەك لەم وێنەیەدا ڕونكراوەتەوە:



هێما زنجیرە دەنگێکی ڕێکخراوە کە لە دونیای دەرەوە ئاماژەی بۆکراوە وشە پێکدێنیٚ، واتە لێرە گوزارشت لە شتی زمانی دەکات ، یان وشەیەکە کە دەی نووسین یان دەری دەبڕین. سەرچاوەی هێما ئەو شتەیە کە ئاماژەی بۆکراوە لە دونیایی دەرەوە، تەن واتە شتی دەرەوە وەك(کەس، ڕووداو، شت)بەلاٚم بیر واتە ناوەڕۆك وەك(چەمك وێنە)ی ئەو شتەی کە لە هزردایە. کە وێنەی پێشتر ئاماژەی پیٚ دەکات، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆ لە نێوان هێماو ئەو شتەی ئاماژەی بۆکراوە نییە، کە واتە واتای وشە ئاماژەیە بۆ شتێك کە خۆی نییە . ئەم وێنەیەش لە میانەی چەند خالێك نەك خەتێکی پێوە لکان ڕووندەبێتەوە. هەردوو توخمەکە لە میانەی چەمکدا بە یەکترەوە بەند دەبن.(٧) لایەنگرانی ئەم بۆچوونە دوو بیروڕایان هەیە:

١–واتا بریتییە لەناو و ناولێنراو.

٢– واتا بریتییە لە پەیوەندی نێوان (ناو، بیر و ناولێنراو ) کە پەیوەندییەکی نا ڕاستەوخۆی سیٚ قوڵییە.

بیرو بۆچوونی ئۆگدن وریچاردس لە بیروبۆچوونی دی سۆسیر نزیك دەبێتەوە هەردوو بیرو بۆچوون پەیوەندی نێوان وشە و شتەکان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ یان لە ڕێگای وێنەی هزری ڕووت بەیەکتر دەبەستنەوە . بە لای ئێمەوە گرنگە لای دی سۆسیر ڕاوەستین، بۆ ئەوەی بیروو بۆچوونەکانی دەربارەی واتای وشە بە شێوەیەکی دوورو درێژ باسبکەین.

## بەشی یەکەم

## واتای وشە لە دیدی فردیناند دی سۆسیرەوە:

**سەرەتا:**

سەرچاوە زمانەوانییەکانی ڕۆژئاوا فردیناند دی سۆسیریان بە دامەزرێنەر و بناغە داڕێژی زانستی زمانی تازەیان داناوە(٨)، چونکە دی سۆسیر لە بەناو بانگترین زانایانی زمانە لە سەدەی نوێدا، کە بۆ یەکەمجار لە مێژووی زمانەوانیدا هەندیٚ بیروڕای نوێی هێناوەتە ناوەوە، کە لە ژێر سیٚ تەوەرەی سەرەکیدا کۆدەکرێتەوە لەوانە(٩):

یەکەم/ جیاوازی لە نێوان زبان و گوتنی کرد: بە لایەوە زمان لە دوو لایەن پێکهاتووە ئەوانیش زبان و گوتنە.زبان هەمایەتی زمانە، ڕاستییەکی کۆمەلاٚیەتییە کەلە مێشکی مرۆڤدا هەڵگیراوە(کۆگایەکە) کۆی هەموو ئەو وشەو وزانیاری و داڕشتنانەیە کەلە مێشکی تاکەکەسێکدا هەڵدەگیریٚ، زبان یەکسانە بە ( ڕێزمان + وشە +گۆکردن) زبان بوونێکی ماددی خۆی نییە جگە لەوەی کە ڕەنگدانەوەیەکی ئەو

یاسایانەیە کە دروستی بەکارهێنان دەستەبەر دەکەن، بەڵام گوتن لای سۆسیر ئەو چالاکییە داینامیکیە کەسییەیە کە دێتە گوێ، بە پێچەوانەی زبانەوەیە.

دووەم/ جیاوازی لە نێوان لێکۆڵینەوەی مێژووی و ئیستایی کرد: سۆسیر گرنگی بەوە دەدات کە زمان دەبێ لە دوو لایەنی جیاوازو تاڕادەیەك بەرامبەرەوە سەیربکرێ. ئەوانیش لایەنی مێژوویی و لایەنی ئێستاییە. لایەنی ئیستایی زمان وەك تەنێکی زیندوو دەبینێ کەلە بارێکدا دەژی و خاڵێك لە کاتی داگیرکردووە. ئەم بارەی زمان بریتییە لە گردبوونەوەی هەموو ئەو چالاکیە زمانییانەی کە کۆمەڵێك لە ماوەیەکدا دەینوێنن. زمانەوان لە لێکۆڵینەوەی ئیستادا پێویستی بە کۆکردنەوەی کەرەسەی ئەو سەردەمە دەبێت کە باسی لێ دەکرێ و دەبێ باسلێکردنی لە دوای لابردن و دوورخستنەوەی هەموو ئەو هۆکارە مێژووییانە بێت کە ڕەنگە تا ئەو کاتە کاری لەو بارە زمانە کردبێت کە زمانەوان چە قێکی زمانەکە دابڕێ بۆ لێکۆڵینەوەی ئێستایی، لایەنی مێژووی باس لە گەشەی زمانێك دەکات بە تێپەربوونی کات، زمان وەك ناوەندێك دەبینێ کە هەمیشە لە گۆڕاندایە بەم پێیە زمان بریتییە لە زنجیرەیەك گۆڕانی بە دوای یەکتردا هاتوو.

سێیەم/ پێڕەو لە زماندا: داهێنانی سێیەمی دی سۆسیر روونکردنەوەی بیری (پێرەو) بوو، کە بەلای زۆربەی زمانەوانانەوە گەورەترین کاری کردۆتە سەر زمانەوانەکانی دوای خۆی، سۆسیر لەبارەی وشە دەڵێت(وشە بێ ئەوەی سەیری گرانیی دیاریکردنی ئەم چەمکە بکرێت دانەیەکە بەردەوام لە مێشکدا، وەك شتێك سەنتەری ئالەتی زمانی داگیرکردووە[١٠]) ، لەبارەی واتای وشەش وای بۆ دەچێ واتا دەبێ لە چوارچێوەی هێما لێکبدرێتەوە ئەگەر واتا لە چوارچێوەی هێما لێکبدرێتەوە، هێما دوو تایبەتی هەیە:

١- هێما دەبێ بوونێکی فیزیکی هەبێ واتە بەرجەستە بێت(فۆرم).

٢- هێما دەبێ واتای هەبێت واتە هەڵگری واتا بێت(دەبێ واتایەکی بدرێتە پاڵ).

## جۆرەکانی هێما:

هێمای زمانی چەند جۆرێکی هەیە لە وانە:

١- هێمای سروشتی : ئەم تایبەتییانەی هەیە:

أ–واتاکەی لە (هۆ و ئەنجام) وەردەگیرێ.

ب– هێمای سروشتی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر ناگۆڕێ بەهاکەی یەك شتە لای هەموو کەسێك.

پ– لێکدانەوەی هێمای سروشتی بەندە بە زانیاریمان لە بارەی دونیای دەرەوە، واتە پێویستی بە زانیاری سروشتییە بۆ لێکدانەوەی ئێمە ئەو زانیاریە لە ماڵ و قوتابخانە فێر نابین ئەو زانیاریە لە ژیاندا فێردەبین. نموونە بۆ هێمای سروشتی (دوکەڵ ← ئاگر) کە پەیوەندییەکی سروشتیە

چونکه واتاکەی لە هۆ و ئەنجام هاتووە ئاگر هۆیەکەیە دوکەڵ ئەنجامە واتاکەی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر ناگۆڕێ لێکدانەوەکەشی بەندە بەو زانیارییە سروشتیەی کە لە دونیای دەرەوە هەیە.

٢- هێمای کۆمەڵایەتی: ئەم تایبەتییانەی هەیە:

أ- واتاکەی لە داب و نەریتی کۆمەڵایەتی وەردەگیرێ.

ب- بەهاکەی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێ.

پ- لێکدانەوەی پێویستی بە زانیاری سروشتی نییە، بەڵکو پێویستی بە فێربوون و شارەزاییە.

نموونە بۆ هێمای کۆمەڵایەتی (دار) واتاکەی لە داب و نەریتی کۆمەڵایەتیەوە وەرگیراوە(کورد ئەو پەیوەندییە وادەبینێ) واتاکەی دەگۆڕێ مەرج نییە لە کۆمەڵێکی تر بەم شێوەیە بێت بۆ نموونە لای عەرەب(شجرە) بەکاردێ .

٣- هێمای وێنەیی: تایبەتی ئەم جۆرەیان ئەوەیە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆ لە نێوان (ناو و ناولێنراو) هەیە ، واتە لێکچونێك لە نێوان شتەکە و فۆرمەکە لە مێشکماندا هەیە ، ژمارەی ئەم جۆرە وشانە زۆر کەمن و بەکارهێنانی هێمای وێنەیی لە زماندا لە سنورێکی زۆر تەسکە ، وەکو وشە سروشتییەکان کە لە دەنگی ئاژەڵ و باڵندەو ... وەرگیراوە(قیژە، گرمە، تەقە، خوڕە ، هاژە،...) .

لەم سێ جۆرە هێمایە زمانی مرۆڤ بە تایبەتی هێمای کۆمەڵایەتی بەکاردێنێ کە هێزێکی گەورەی داوە بە مرۆڤ . هێمای کۆمەڵایەتی لەو جۆرەیانە کە پێیان دەڵێن لە خۆوە( الاعتباگی) واتە لە نێوان فۆرم و شتەکە پەیوەندی ڕاستەوخۆی وا نییە کە بیناسینەوە، واتاکەی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتییە کۆمەڵ بڕیاری لە سەرداوە[11] .

سۆسیریش باوەری وایە کە واتای وشە دەبێ دوو لایەنی هەبێت فۆڕم و واتا یان( ناو و ناولێنراو)، بەڵام لەسەر ئەوەش سوورە کە ئەم دووانە لە یەکتر ناکرێنەوە و پەیوەندی نێوانییان لە خۆوەیە. سۆسیر پەیوەندی نێوان فۆڕم و واتا بە (هێما) دادەنێ بە لایەوە هێما دانەیەکی سەرەکی پەیوەندی کردنە. لە بەر ئەوەی (هێما) بە شێکە لە زمان و خۆشی بریتییە لە پەیوەندی، هێما دانەیەکی هۆشەکییە بەم جۆرە زمان بە لایەوە بریتییە لە پێرەوێکی هێمایی. واتە سۆسیر بابەتی واتای وشە یان واتای هێمای یان (بەکارهێنانی وشە هێمایە بۆ هەر واتایەك) وەرگرت. ئەمەش لە میانەی چەمکی تایبەت لە هێمای زمانی خستیە ڕوو. سۆسیر هێمای زمانی وا دەبینێ کە تەنیا پەیوەندی بە دوانەیی نییە کە (ناو و ناولێنراوە)، بەڵکو لە واقیعدا بریتییە لە (چەمك) و( وێنەی دەنگی) لە لایەك، لە لایەکی تریشەوە بریتییە لە وێنەیەکی دوو ڕوویی ئەویش ( هێماو شت)ە،

مەبەست لە هێمایە. دەتوانرێ ئەم پێناسەیە بۆ هێمای زمانی بەم شێوەی خوارەوە ڕوونبکرێتەوە[١٢]:

هێمای زمانی =




ڕوبەرێکی هزری ڕووت        ڕوبەرێکی هەستی

هێما لای دی سۆسیر بریتییە لە دوو شت هەر شتێك دوو ڕووی هەیە ، کەواتە هێمای زمانی دەرئەنجامی چوار پەیوەندی بە یەکداچوونە: دووانیان(لە شێوەی بازنەی یەکەم خۆیان دەنوێنن) لەلایەنێکی گەورە لە داماڵراو(ڕووت).

بیروبۆچوونی سۆسیر لەبارەی هێمای زمانی هاوشێوە دەبێ لەگەڵ بیروبۆچوونی دەربارەی زبان و گوتن کە باوەڕی بە بوونی توخمی داماڵراو (رووت)هەیە لە هزری بەکارهێنەری زمانی . زمان لای ئەو هەروەکو پێشتر ئاماژەمان بۆکرد بریتییە لە دەرئەنجامی زانیاری ڕستەسازی و وشەسازی رووت کە لە مێشکی بەکارهێنەری زماندا هەیە، یان شتێکی هۆشەکی کۆمەڵایەتییە. بەڵام گوتن بریتییە لە لایەنی مادی و تاکی لە زماندا.

سۆسیر بە هەمان شێوە لە بیرکردنەوەکانیدا بە دوادادەچی کاتێ بیرو بۆچوونەکانی دەربارەی هێمای زمانی دەردەبڕێ ، ئەمەش بەوە ڕووندەکاتەوە کە چەمکی هێمای زمانی دابەشکرد بۆ دوو ڕێڕەو یەکێکیان هزری ڕووت و ئەوی تر هەستی کە لە دونیای مادی دێتە ئەنجام. ئەوەی تایبەتە بە (وێنەی دەنگییەوە ) و سۆسیر مەبەستییەتی کاریگەری دەنگییە کە لە خەیاڵمان گوێ بیستی دەبین، بەکردەوە وشەی گۆکراو نییە، ئەگەر وێنەی دەنگی بە شێوەی گۆکراو بێ دەتوانرێ بنوسرێتەوە، بەڵام دەنگەکان بە خۆیان ناتوانرێ بنووسرێنەوە. بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین وێنەی دەنگی لایەنی ڕووتە لە دەنگ، لایەنی ماددی یان فیزیکی نییە. ئەم بیرۆکەیەش کە سۆسیر باسی کردووە و ڕوونی کردۆتەوە کاتێ دەڵێ:. بۆ نموونە مرۆڤ دەتوانێ بە مێشك چەند دێرە شیعرێك بە خەیاڵدا بۆ خۆی بڵێ و بخوێنێتەوە بێ ئەوەی لێوەکانی یان زمانی بجولێنێ. ئەو دەنگانە وادەکەن وێنەیەك لە مێشکدا دروست ببێ.

به لأم ئەوەی سۆسیر به چەمك ناوی دەبات له ڕاستیدا نەپرژاوەته سەر دیاریکردنی ناولێنراو ، بەڵکو تەنیا له چەند دەستەواژەیەکی نادیارباسی لێوەکردووه که پوختەکەی ئەوەیه که چەمك له پلەیەکی بەرزی داماڵراو (ڕووت)ە، که بریتییه لەبۆچوونی هزری سەرچاوەگرتوو له گۆکردنی کۆمەڵێك له دەنگ ، به واتایەکی تر به بۆچوونی سۆسیر چەمك یەکسانه به بەها(قیمه) هەموو بەهایەك نابێ به چەمك دەبێ له ناو ڕێکخراوێکەوه هاتبێ ، واته واتای چەمك به پەیوەندی لەگەڵ وشەی تری زمانەکه وەردەگرن کەله واتادا نزیکن وەك ئەوەی وشەی (برا) بەراورد دەکرێت لەگەڵ وشەی(باوك، دایك، خوشك، ...) کەواته چەمك بریتییه له چەند توخمێك یەك شت ناگرێتەوه، بۆ نموونه ئەگەر واتای وشەی (برا)بدۆزینەوه به بێ چەمك واتای نابێت تاوەکو کۆمەڵێك له وشه نەدۆزینەوه که له برا نزیکن واته کێڵگەیەك وشه دروست دەکەن.

کاتێ دێینه سەر باسی هێماو ناولێنراو له بواری واقیعی زمانی نزیك دەبینەوه، چونکه هەردووکیان نوێنەرایەتی لایەنی مادی له وشەو واتادا دەکەن. لەو کاتەدا (چەمك و وێنەی دەنگیی) به پلەیەکی بەرز له داماڵراوی(ڕووت) دادەنرێن که پێشتر باسکرا.ئەگەر نموونەیەکی ڕونمان وەرگرت وەك وشەی(دار) لایەنی یەکەم بۆ ئەم هێما زمانییه له بیری گشتی ڕووت خۆی دەبینێ که له مێشکماندا هەیه له چەمکی( دار) یان شێوەی گشتی، له پاڵ ئەمەدا ئەم بیرۆکەیه یان ئەم چەمکه پەیوەست دەبێ به وێنەی دەنگی.که بریتییه له شێوەی دەربڕین که له هزردا هەیه بۆ ئەم چەمکه، به لأم کاتێ یەکێك له ئێمه ( دار )له واقیعی مادیدا دەبینێ بەم وشەیه به کردەوه دەری دەبڕێ، یان له وانەیه به نووسین بنووسێ، ئەوه وشەی ( دار)ی بەکارهێناوه وەکو هێما یان ئاماژەیه بۆ ئەم گروپه لەو درەختانەی ناسراوه لامان. له میانەی ئەم نموونەیەدا ڕوونه که هیچ لایەنێ به تەنیا هێمای زمانی پێك ناهێنێ، بەڵکو ئەوەی پێی دەوترێ هێمای زمانی بریتییه له یەکگرتنی ئەم دوو لایەنه هەروەك دوو ڕووی پاره وایه. بۆیه سۆسیر دیاردەی دەرەوه که (شت)ە به زیاد دەزانێ دەڵێ دەبێ لابدرێت، چونکه پەیوەندی به واتاوەنییه.

### سروشتی هێمای زمانی:

هەروەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد هێمای زمانی به لای سۆسیرەوه له (ناو و ناولێنراو) پێکدێت، به دەربڕینێکی وردتر بریتییه له(وێنەی دەنگی و بیر)هەریەکێکییان پەیوەندییان به خۆیانەوه هەیه، واته هێمای زمانی سیفەتێکی جەوهەریی و له خۆوه نیشانەیه ، مەبەست لەمه ئەوەیه که پەیوەندی لۆجیکی له نێوان هێماو ناولێنراودا نییه . ڕێکەوتنی تاکی ژینگەی زمانی کوردی بۆ ناونانی وشەی(دار) به دەنگی (د، ا، ر) بەم شێوەیه، ئەمه تەنیا ڕێکەوته بەبێ ڕەچاوکردنی پەیوەندی لۆجیکی نێوان ئەم دەنگانه. دەنگ به تەنیا هیچ واتایەکی نییه، بۆ نموونه دەنگی(د) دەلالەت له شتێکی

دياريكراو ناكات. بۆ نموونه هيچ پەيوەندييەك نييه له نێوان وشەكانی(دار) و (دڵ) و (دەست) كه به هەمان دەنگ دەست پێ دەكەن.

له ڕواڵەتەكانی له خۆوە (الاعتباگيه) هێمای زمانی له واقيعی دەرەوەدا هيچ پەيوەندييەكی سروشتی له نێوان هێمای زمانی و ناولێنراودا نييه ، تەنيا پەيوەندييەك كه هەبێ له نێوان هێمای دەنگی زمانی و ئەوەی ئاماژەی پێكراوە(ناولێنراو) پەيوەندی هێمايه. كەواته وشه دەبێته هێما بۆ شتێكی مادی يان مەعنەوی.لەسەر ئەمه هيچ پەيوەندييەكی سروشتی نييه كه دەنگەكانی پێكهاتوو بۆ وشەی (پشيله) له كوردی يان وشەی (قگە) له عەرەبی ببەستێتەوە، به واتايەكی تر مەبەست له خۆوە (الاعتباگی) ئەم وشەيه واتای ئەوەنييه كه هەڵبژاردنی هەرناوێك به ويستی قسەكەر بێت ( مرۆڤ ناتوانی ئەو هێمايانه بگۆڕێ دوای ئەوەی جێگەی خۆی گرت له ژينگەی زماندا)، بەڵكو مەبەست له خۆوە ئەوەيه كەنەبەستراوەتەوە به هيچ كارلێكەوە واتا پەيوەندی ناو و ناولێنراوەكه سروشتی نييه، بۆيه پۆلينكردنی وشەكان له يەك زماندا دەبێته سيستەمێكی زمانەوانی سەربەخۆ له ناولێنراوەكانی ئەم شتانه[١٣]. ئەگەر پەيوەنديەكی سروشتی له نێوان ناو و ناولێنراودا هەبووايه ئەوە زمانەكەمان به چەند كۆت و بەندێكی توند دەبەسترايەوە كەبەربەست دەبوو لەبەردەم بەكارهێنانمان بۆی، بەكارهێنانێكی پێچەوانه له هەڵويستە زمانەوانييه جياوازەكان،. ئەگەر هێمای زمانی پەيوەست با بەو بەها خودييانەی كه ناولێنراوی چەسپاويان هەيه لەدونيای دەرەوەدا ئەو كاته زمانەكان له يەك جيا نەدەبوون و وەرگێرانيش ئاسان دەبوو وزارەجياكانيش له نێو زمانێكدا دروست نه دەبوو.

ئەوەی لەم دەوروبەرەدا گرنگه جەختكردنه لەسەر ئەو خاڵەی كه سۆسير سوورە لەسەر ڕوونكردنەوەی ئەويش سيفەتی له خۆوە يە (الاعتباگيه) له هێمای زمانی مانای ئەوە نييه كه هەڵبژاردنی هێما به شێوەيەكی گشتی بۆ كەسەكان بەجێ بهێڵدرێ. زاراوەكه ئاماژە بۆ سروشتی پەيوەندی نێوان لايەنی مادی(دەنگی) و لايەنی مەعنەوی(واتا) له وشەدا دەكات. له واقيعدا هێمای زمانی كاتێ له كۆمەڵدا بەكاردێ و بڵاو دەبێتەوە له بەكارهێناندا دەبێته شتێكی سه پێنراو لەسەر كەسانی ناو كۆمەڵدا، ئەمه له بەكارهێنانی گشتی دەردەكەوێت بۆهێمای زمانی لای كەسانی ژينگەی زمانی ، بۆيه گۆڕانی هێما ملكەچی ويست و ئارەزووی كەسان نابێت لەم بارەيەوە سۆسير دەڵی:(ياساكه كەسانی كۆمەڵ وەری دەگرن و پەسەندی دەكەن– بريتييه لەو بڕيارەی كه كەسانی ئەم كۆمەڵگايه بەرگەی دەگرن ، نەك بريتی بێ له ڕێسايەك كه هەموويان پێی تەسليم بن بەويستی خۆيان)[١٤]. بەڵام تێڕوانين و بيروبۆچوونەكانی دیسۆسير دەربارەی له خۆوە نيشانه(اعتباگيه) ی هێمای زمانی وەك هەر كێشەيەكی فيكری تر به بێ ڕەخنه تێپەڕ نەبوو دەبينين له دوو لايەنەوە ڕەخنه له سيفەتی له خۆوە(الاعتباگی) گيرا:

أ- زۆر وشە هەیە کە پەیوەندی سروشتی لە نێوان بیرو وێنە دەنگییەکەدا هەیە واتە(وشە و واتاکە) نموونەی ئەم وشانە زۆر کەمن هەرچەندە هەڵبژاردنی تاڕادەیەك لە خۆوە بووە بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا هەندێ وشەمان هەیە کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان دەنگەکانی و واتادا هەیە وەك دەنگە سروشتییەکان (گڤەگڤ)ی باو (خورەی) ئاو و (جریوەجریوی) باڵندە و (قیژە ، تەقە، گرمە،....هتد)،هەروەها دەتوانین لە هەندێ حاڵەتدا بە دوای واتای گشتی هاوبەشدا بگەڕێین لەو وشانەی کە لە یەك ڕەگ وەرگیراون[١٥]. ئەم جۆرە وشانە لە زمانی کوردیدا سنوردارن بەڵام ئەم ڕایەش تا ڕادەیەك ڕاست نییە، چونکە ئەم وشانە لە هەموو زمانەکانی جیهاندا یەك فۆرمییان نییە بۆنموونە((حەپە)ی سەگی کوردی بۆ چی (باوی) سەگی یابانییە لە کاتێکدا هەردووکییان یەك دەنگی سروشتی بن)[١٦] .

ب- وشەکانی سەرسورمان(الفاڤ التعجب) هێماکانی سەرسورمان کۆمەڵێ هەست و دەربڕینی کتوپڕ و ڕاستەو خۆیە کە لەو دەنگە غەریزەییانەوە پەیدابووە کە مرۆڤ بۆ دەربڕینی خۆشی یان ناخۆشی و ئازار بە کاری هێناوە، کە واتە بەم پێیە لە دەربڕینی سەرسوڕماندا پەیوەندی نێوان ناو ناولێنراو ڕاستەو خۆیە، بەڵام دیسان لە زۆر وشەدا هیچ جۆرە پەیوەندییەك لە نێوان ناو وناولێنراو نابینین هەرچەندە ئەو وشەیەش بۆ دەربڕینی هەست یان سەرسورمان بێت بۆ نموونە وشەی (ئوف) لە عەرەبیدا و(ئاخ) لە کوردیدا بەراورد بکەین دەبینین فۆرمەکانیان جیاوازن.. هەروەها زمانەوانی فەرەنسی (امیل بنڤینست) لە وتارێکی ڕەخنەییدا دەربارەی سروشتی هێمای زمانی دەڵێ[١٧]: پەیوەندی نێوان ناو و ناولێنراو نابێ لە خۆوە بێ، کاتێ هێمای زمانی بۆ بیرۆکەیەك دەوترێ کە پەیوەستە بەم بیرۆکەیەوە نابێ هیچ هێمایەکی تر بۆدەربڕینی هەمان بیرۆکە بەکاربێ . بۆ نموونە ئێمە (سەگ) لە زمانی کوردیدا ناودەنێین ناتوانرێ بۆ وشەی تر هەمان چەمك دەربڕێ . هەروەها بەڵگەیەکی تر بۆ ئەم پەیوەندیە کە لە نێوان ناو و ناولێنراودا هەیە پەیوەندییەکی پێویستیە نەك لە خۆوە یە مرۆڤ لە مێشکیدا وشەی بە تاڵی بێ واتا هەڵناگرێ، یان ئەو وشانەی کە تەنیا ریزکردنی دەنگیان هەیە وەك راد، راس، ساد،...هتد، یان هەر وشەیەك کە واتای نەبێ کە مرۆڤ لە هەر ساتێکدا دەتوانێ دای بنێ، چونکە وشەی ناوەرۆك بەتاڵ لە هەر واتایەك بە هیچ پەیوەندییەك پابەند نابێ بە واقیعی زمانی، مێشکی مرۆڤیش هیچ ناولێنراوێکی بە تاڵ هەڵناگرێ... ئەم پوختەیە بیرو بۆچوونی( امیل بنڤیستە) کە تیایدا ڕوونکردنەوە و جەختکردنەوەیەکە زیاتر لەسەر راو بۆچوونی سۆسیر لەوەی کەگازاندەیەکی کردەیی بێ. پەیوەندی نێوان ناو و ناولێنراو پەیوەندییەکی لە خۆوەیە بە حوکمی ئەوەی هیچ پەیوەندییەکی خودی لە نێوان ئەم دووشتەدا نییە. یەکەکان بەتەنیا لە ڕاستیەکانی زمان پێڕەوێکی زمانی پێکناهێنن، بۆ نموونە دەنگی/پ/ یان دەنگی/ژ/ یان ئامرازی پەیوەندی(بە) یان ئامرازی ناسراو(ەکە) ....تاد، هیچ واتایەك نابەخشن کاتێ هەریەکەیان بەتەنیا بەکاردێنین، بەڵکو کاتێ واتایان

دەبێ کە بەرامبەر یەك بەکاریان دێنین لە چوارچێوەی یەك پێڕەوی زمانی. بەلای سۆسیرەوە ناوەڕۆکی زمانی بە تەنیا هیچ بەهایەکی نییە ، بەڵکو بەهای هەموو لایەنەکان بە و ئەرکەی جێ بەجێی دەکات دیاری دەکرێ لە سێبەری لایەنەکانی ترکە هەیە و دەگەرێتەوە بۆ هەمان جۆر لە پێڕەوی زمانی. سۆسیر ئەم بیروبۆچوونەی لە پێناسەی زمان کورت دەکاتەوە و دەڵێ:(زمان پێرەوێکە لەپەیوەندیەکانی باوەرپێکراون لەسەر یەك بە جۆرێك کە بەهای هەموو پەیوەندییەك لەم پێرەوە بەتەنیا دروست دەبێ، چونکە لەهەمان کاتدا پەیوەندی تری لەگەڵدا هەیە)(١٨).

**چەمك لە هێمای زمانی لای دیسۆسیر:**

بابەتی واتا لە لێکۆڵینەوەی زمانەوانیدا، بەکارهێنانی زمانی تێدا یە کە سوودی چەمك لای سۆسیر بە واتای گشتی ڕووندەکاتەوە ، کاتێ یەکێك لە ئێمە هەوڵدەدات وێنەی کەسێك لە هزریدا ئامادە بکات، کە لە بارەی شتێك قسەی لەگەڵدادەکات ، ئەو ساتەی، کە تێیدا ڕاوەستاوە بە بیری دێتەوە یان لەکاتی قسەکردن ڕادەوەستێ بۆ ئەوەی بە دوای وشەیەکی گونجاو بگەرێ بۆ ئەوەی چەمکێکی ڕوون لە هزری تەواو ناسراو بێ لای پێی دەربڕێ. ئەوەی لەو کاتە قسەدەکات ئەوبیرۆکەیە لە هزریدا هەیە، بەلاَم ئەو وێنە دەنگییەی کە بۆ ئەم بیرۆکەیە دەربڕاوە لە هزریدا بوونی نییە، یان لە وانەیە بە شێوەیەکی کاتی نەمابێ لە بەر چەند هۆکارێکی جیاجیا گرنگترینیان ڕەوشی دەوروبەری دەرەکی(بابەتێك دەبێتە هۆی سەرلێشێوان و تێکچوونی تەرکیز) لە بیرکردن و هۆکارە دەروونییەکانی لە ناکاو وەك ترسێکی زۆر و خۆشی و هۆکارەکانی تر. لە وانەیە هەندێجار ڕووداوەکان پێچەوانە ببنەوە، بەوەی وێنەی دەنگی لە هزردا ئامادەیە، بەلاَم ئەو بیرۆکەیەی کە هاوتا دەبێ لەگەڵی لە هزردا ڕوون نییە یان ڕاستە یان لە وانەیە بە هیچ شێوەیەك لە هزردا بوونی نەبێ.

بیروڕای سۆسیر هەندێ ئاستەنگی دێتە بەر کاتێ بابەت دەگاتە دیاریکردنی واتای ئەو وشانەی کە (چەمك)یان نییە یان هەتا ئەوانەی کە( شێوەیان) لە دونیای مادیدا نییە، کە یارمەتیمان دەدات بۆ دیاریکردنی واتاکەی. هەروەك لەوانەی ئاماژەمان پێکرد کە پەیوەندییان بە بابەتی هەستییەوە هەبوو، وەك دیاریکردنی واتای(دار، سەگ، باران، هەور ... تاد) .بە شێوەیەکی دیاریکراو مەبەست ئەوەیە: کە چۆن دەتوانین واتای ئەم جۆرە وشانە دەستنیشان بکەین (ئازادی، دیموکراتی، سزا، نەهامەتی، ئێش و ئازار، زۆری تر)؟ کێشەکە لێرەوە دەردەکەوێ ، ئەگەر گریمان بوونیان لە هزردا هەیە- ئەمەش کەم و کورتی هەیە، ئەویش کە لە توخمی چەمکدا نوێنراوە، ئەگەربەوەی وەرمانگرت ، کە دەتوانێ لە هزرماندا وێنەی(چەمك) ی گشتی بکێشی بۆ (دار) بەو جۆرەی دەتوانین ئەم درەختە بناسینەوە، ئەگەر بە چاوێکی ڕووت لە سروشت ببینین، یان وێنەکەی لە تابلۆیەك یان وێنەی فۆتۆگۆافی یان ئیتر ببینین. کەواتە چەمکی گشتی چییە؟ ناڵێین وێنەی گشتی، بۆ نموونە دەتوانرێ لە هزرماندا وێنەی(

ديموكراتی) بكێشری؟ ئایا ئەم چەمكە لای هەموو كەسێكی ژینگەی زمانی وەك یەك دەبێ؟ هەروەكو ئەوەی هەیە دەربارەی وێنەی هزری ، كە شێوەیان لە دونیای دەرەوە هەیە وەك دار و سێو و قەڵەم....؟ئێمە دەبینین واقیع پێچەوانەی ئەم تێڕوانینە دەچەسپێنێ، تاكی یەك ژینگەی زمانی لە سەر چەمكێكی ورد بۆ هەر وشەیەكی خاوەن واتای ڕووت ڕێكناكەون وەك ئەو رێككەوتنانەی لەسەر واتاكانی بابەتی هەستی یان مادی دەكەن. لێرەدا تاكی یەك ژینگەی زمانی لە وانەیە تێڕوانینی جیاوازیان دەربارەی چەمكی ئازادی و دیموكراتی و پیاوەتی هەبێ، بەڵام ئەم جۆرە جیاوازییانە لایان نابینرێن كە تایبەتن بە واتاكانی ئەو وشانەی كە ئاماژە بۆ شتی مادی دەكەن.

كێشەیەكی تر كە سۆسیر باسی نەكردووە ، ئەویش ئەوەیە كە واقیعی مادی ئەم وشانە چییە و چۆن دەتوانین لە ڕوانگەی دابەشكردنی چواری بۆ هێمای زمانی چارەسەری بكەین. ئەم كێشەیە لەوانەیە بە وشەی فرەواتا دیاری بكرێ. بۆنموونە ئەگەر وشەی(چاو یان شیر یان خاڵ...) وەربگرین، ئایا دەكرێ و ڕاستە بڵێین بۆ ئەم وێنە دەنگییانە چەند چەمكێكیان هەبێ بۆ نموونە (چاو ) یەكێكیان خۆی دەبینێ لە چاوی ڕاستەقینە [19]ئەوەی، كە پێی دەبینین، یەكێكی تر بەواتای(سەرچاوە) و سێیەمیش بە واتای (سیخوری) بەم جۆرە...؟ئایا چۆن ئەم پەیوەندییە لە نێوان چەمك و وێنەی دەنگی لە هزردا ڕوودەدات؟ ئایا چ حوكمێكی شیاو دەتوانین لە سەر كەسێك دەربكەین ، كە بێجگە لە یەك چەمك بۆ ئەم وێنەی دەنگیە نازانێ؟ ئەم بارە جیاواز دەبێ لەو بارەی ئەو وشانەی ، كە واتاكانیان پەرەی سەندوە بە پێی پەرەسەندنی مێژوویی بۆ زمان، چونكە بارو دۆخی مێژوویی بۆ وشەكان لە چوارچێوەی پێكهاتەی مێژوویی چارەسەر دەكرێ كە جیاوازە لە پێكهاتەی وەسفی. سۆسیر خۆی ئەم بابەتەی جیاكردۆتەوە، وەك جیاوازی لێكۆڵینەوەی مێژوویی زمانی لە لێكۆڵینەوەی وەسفی زمانی كردووە. لێرەدا ئێمە بە دوورودرێژی باسی ئەم بابەتە ناكەین ، چونكە پەیوەندی بە بابەتەكەی ئێمەوە نییە.

لەمانەی پێشتر بۆمان ڕوون دەبێتەوە ، كەچەمك لای سۆسیر بەرەنگاری چەند كۆسپ و ئاستەنگێك دەبێتەوە، كاتێ دەمانەوێ ئەم چەمكە بەسەر ئەم وشانەدا جێبەجێ بكەین كە واتای رووتیان هەیە یان ئەوانەی فرەواتان، هۆكاری ئەمەش ئەوەیە كە هەوڵیدا واتای وشە دیاریبكات لە میانەی قسەكانی دەربارەی واتا چییە؟ بەڵام وشە لە زماندا بە ئاسانی ناچێتە ناو پەیوەندیە ڕوون و ئاشكراكان، دوانەیی یان ئەوانەی تر ، هێماو واتا دیاری دەكات، بە واتایەكی تر ، واتا زۆربەی كات بریتی نییە لە (شێوە) ی چەسپاو بتوانین بیچەسپێنین بە كۆمەڵێك لە دەنگی رێكخراولە دانانی دیاریكراو، بۆنموونە وشەی (پیاو) . زۆر قورسە واتای ئەم وشەیە دیاری بكەین كە پەیوەندیەكی لە خۆوەیە بەندە لە نێوان هێمای پیاو و نێوان ئەو ناولێنراوەی كە هێماكە بۆی دەگەڕێتەوە، ئەو واتایە سوودی هەیە لەو هێمایەی كەهەیە ، بۆنموونە كاتێ دەڵێین( پیاوەكە كتێبێكی كڕی. ) واتاكەی ڕوونە،

بەلأم ئەگەر ئەم هێمایەمان بەو واتایە بەستەوە، دەستەوەستان دەوەستین بەرامبەر بەکارهێنانی هەمان هێما لە چوارچێوەی دەوروبەری زمانی تر ، وەك ( پیاوی ماڵییە. یان دەڵێی پیاوە) واتە ژنێکی بەهێزو دەسەلأتدارە.

واقیعی زمانی بۆمان ڕووندەکاتەوە کە زمان ئامێری سروشتە نەوەکانمان بەکاری دێنن لە پەیوەندی زمانی بە شێوەی جیاواز و بەکارهێنەری زمان پەنا بۆ هەموو جۆرە هۆکارێ دەبەن بۆ ئەوەی بیروبۆچوونەکانی دەربڕێ بۆ کەسانی تریش ڕوون بکاتەوە بۆ نموونە دەتوانین بۆ وشەی(ناخۆش) بڵێین[٢٠]:

- بۆنێکی ناخۆشە.
- خواردنێکی ناخۆشە. (سیفەتی مادی)
- شەربەتێکی ناخۆشە.

هەروەها دەتوانین بڵێین:

- ڕۆژێکی ناخۆشە.
- مردن ناخۆشە. (سیفەتی مەعنەوی)
- هەواڵێکی ناخۆشە.

## بەشی دووەم

### واتای وشە لە دیدی هالیدایدا:

یەکێك لەو ڕێبازە ناسراوانەی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی ڕێبازی ئەرکییە، ئەم ڕێبازە چەندین شێوە و تێڕوانینێك دەگرێتەخۆ، یەکێك لەوانە نووسینەکانی زمانەوانی ئینگلیزی هالیدایە، کە بە لایەوە زمان هۆکاری پەیوەندیکردنە و پەیوەندی بە کۆمەڵگاوە هەیە و ڕەوشتی کۆمەلأیەتی تاکەکەس دەری دەبڕێ، بۆیە لێکۆڵینەوە لە لایەنی کۆمەلأیەتی لە مرۆڤ – واتە لێکۆڵینەوە لە زمان هەروەك هاڵیدای وای دەبینێ[٢١]، چونکە زمان پەیوەندی بە لایەنی کۆمەلأیەتییەوە هەیە، خۆی بە کۆمەڵە هەڵبژاردنێك دەنوێنێ. بریتییە لە کۆمەڵە شێواز و ڕۆنان و وشەیەك، کە بەکارهێنەر بۆئەوەی بەمەبەست و ئامانجەکانی بگات، پەنای بۆ دەبا و لە کۆمەڵگادا بەکاری دێنێ، بە گوێرەی سروشتی ئامانجەکان و ئەوانەی هاورێیەتی دەکەن لە هەڵومەرج و ئاڵۆزییەکان وشەکان واتاکانیان وەردەگرن، بەلأم جیاوازی

كەسی لە بەکارهێنانی زمانی سەرچاوەکەی جیاوازی ئەزمونی و جیاوازی شێوەکانی زانینی کەلەکە بووی بە دەستهاتووە.

پێش ئەوەی لە ڕوی ئەرکییەوە باس لە چۆنییەتی دیاریکردنی واتای وشە بکەین، پێویستە هەندێ ڕونکردنەوە دەربارەی ناولێنراوی (وشە) بدەین، کە ( وشە) لە زمانەوانی بۆ بچوکترین توخم(یەکە) بەکاردێ و واتادارە لە ڕستەدا ( ئەم توخمانە ڕۆڵیان ڕێکخستنە لە یەکەکانی مۆرفۆلۆجی)دا، بەم جۆرە (کار و ناو و ئامرازەکان) هەموویان بە وشە دادەنرێن، چونکە ئەمانە توخمەکانی ڕستە لە زمانی کوردی پێکدێنن ، ئامرازەکان لە زمانی کوردیدا هەروەکو لە زمانەکانی تریشدا هەمان ئەرکییان هەیە کە سیستەمێکی داخراو پێکدێنن، دەتوانین لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەمان لە سیستەمی مۆرفۆلۆجی لە زماندا کۆمەڵە ئامرازێك و ئەرکەکانییان بناسینەوە. ژمارەی ئامرازەکانی زمان سنوردار و دیاریکراون، کە ئەرکەکانییان دەتوانرێ چەسپاو بێ. لەم بارەیەوە هالیدایش جیاوازی لە نێوان واتای فەرهەنگی و واتای ڕێزمانیدا دەکات ، ئەم جیاوازییە بۆ دوو کۆمەڵە دابەشدەکات کۆمەڵەی داخراو، کەلە زماندا ژمارەیان زۆر کەمە، وەك(ئامرازەکان و ڕێژەی فەرمان و ڕەگەزی ناوەکان ...تاد) بەڵام کۆمەڵە کراوەکان، یەکە فەرهەنگییەکان پێکدەهێنن، وەك (ناوەکان، فرمانەکان...تاد) هەروەها واتای فەرهەنگی ئەو واتا بنجییەیە کە کۆمەڵ بۆ وشەکانی داناوە و لەسەری ڕێکەوتووە کە وەسفی بارودۆخی شت دەکات و بە شێك لە واتای ڕستەی لێ پێکدێت، بەمەش واتای فەرهەنگی بریتییە لە واتای وشەکان لەگەڵ کاریگەری ڕێزمانی، کە واتایەکی نە گۆڕوبڵاوە[٢٢]. بابەتەکەی ئێمەش زیاتر تەرکیز کردنە سەر ناو و کارەکانە کە سیستەمێکی کراوە پێکدێنن، مەبەست لە سیستەمی کراوە ئەوەیە کە دەتوانرێت وشەی تر دروست بکەین و واتای فەرهەنگی و پێناسەیان هەیە، بۆ نموونە(ناو، ئاوەڵناو، کار، ئاوەڵکار) بە سیستەمی کراوە دادەنرێن ، چونکە دەتوانین چەندەها جۆر لەمانە دروست بکەین و ڕۆژانە دروست دەبن، واتە ئەمانە کراوەن بە ڕووی گۆڕان و وەرگرتنی وشەی نوێ بۆ ناو پۆلەکەی خۆیان، واتە مەبەست ئەوە نییە کە توانای ئەوەی نەبێ کە توخمەکان لە ژێریدا بۆ چرکردنەوە بێ بەو پلەیەی کە مەبەستی کراوەوەی ئەو توخمانە لەسەریەك بچێتە ناو ئەو پەیوەندییانەو بەکارهێنانانەی کە ناژمێر دری[٢٣]. بۆ ئەوەی واتای هێما دیاری بکەین یان بە واتایەکی تر ئەو واتایەی کە وەك هێما بەکاری دێنین بۆ تاکە وشەیەك ئەبێ لەگەڵ ئەو توخمانە لێیان بکۆڵینەوە کە هاوڕێیەتی(تتساوق) لە گەڵیان، یان ئەو توخمانەی ڕێگە پێدراون بچنە نێو دەوروبەری شیاو لەگەڵ ئەم وشانە، بیرۆکەی هاوڕێیەتی( التساوق) (Collocation) یەکێکە لەو بیرۆکانەی کە هاڵیدای لە ناوەڕاستی شەستەکان خستییە ڕوو[٢٤]. پەیوەندی هاوڕێیەتی ئەو پەیوەندییەیە کە وشەکان پێکەوە و لە پەیڕەوێکی چەسپاو بەکاردەهێنرێن. بە واتایەکی تر، هاوڕێیەتی ئاماژە بەو کۆت و بەندانە دەکات کە لەسەر چۆنییەتی بەکارهێنانی وشەکان پێکەوە هەن بۆ نموونە کام پریپۆزشن لەگەڵ کام کردار یا

ناو بەکاردێت، یان کام کردار لەگەڵ کام ئاوەڵناو، یان ناو لەگەڵ ئاوەڵناو ... هتد . بە نموونە لە زمانی ئینگلیزی کرداریperform (ئەنجامدان) لەگەڵ operation (نەشتەرگەری) بەکاردێت، بەڵام لەگەڵ (موناقەشە)بەکارنایەت بۆ وشەی (موناقەشە) دەبێ کرداری (hold) یان (have) هەڵبژێرین. بۆ زمانی کوردیش دەکرێ بڵێین(کچی جوان) بەڵام بۆ کور (کوڕی قۆز). هەروەها دەکرێ بڵێین(هەڵوێستی توند) یا(هەڵوێستی نەرم) بەڵام ناکرێ بڵێین (هەڵویستی شل) یان دەڵێین (شانسێکی گەورەی هەیە بۆ بردنەوە) یا ( شانسێکی کەمی هەیە بۆ بردنەوە) ، بەڵام ناڵێین (شانسێکی بچووکی هەیە بۆ بردنەوە)[٢٥]. هاڵیدای مەبەستی ئەوەیە کە لایەنی هزری یان داماڵراوی (ڕووت) لە پێناسەی واتا لابەرێ وبیگۆڕێ بۆ دەوروبەر کە وشەی تێدا بەکاردێ، بۆ ئەوەی لە شیکردنەوەدا بگات بە بەکارهێنانێکی ورد بۆ واتای وشە ، واتە واتای وشە لە میانەی وشە یان کۆمەلە وشەیەکی تر کە لە گەڵی بەکار هاتووە دیاری دەکرێ[٢٦] ، بیرۆکەی هاوڕێیەتی(التساوق) دەکرێ واتای وشە ڕونبکاتەوە پێش دەوروبەر کە بریتییە لە پەیوەندی وشە بە وشەیەکی تر، پەیوەندی بەندێتی و گرتنە خۆ لە چوارچێوەی میوانداریێتی یان پشت بەستن ، بۆ نموونە بۆ ئەوەی واتای وشەی ڕۆیشتن (دەڕوات ) بەکارهێنانەکانی دیاری بکەین، دەتوانین واتاکانیان لەگەڵ ئەو توخمانە دیاریبکەین کە بەکار هێنانەکانی دەتوانرێ بکەوێتە دەوروبەرێکی تەواو لە گەڵ ئەو کارەدا [٢٧]، ئەم نموونەی خوارەوە بیرۆکەکە ڕون دەکاتەوە:

<u>کۆمەڵەی یەکەم:</u>

| | |
|---|---|
| – ژنەکە | |
| – کورەکە | دەڕوات |
| – ئاسکەکە | |
| – شێرەکە | |

لە نموونەکانی کۆمەڵەی یەکەم ڕون دەبێتەوە کە (دەڕوات) واتاکەی ئەوەیە کە بە پەلە دەجولێت بە بەکارهێنانی پێیەکانی، ئەو ناوانەی کە ئەرکی بکەر دەبینن لەم کۆمەڵەیەدا لە یەك سیفەتی مادی هاوبەشن ئەویش(گیاندارن) .

بەڵام بۆ ئەم جۆرەیان ناتوانین بڵێین:

* شەقام دەڕوات.
* کورسی دەڕوات.
* کلاّو دەڕوات.
* خانوو دەڕوات.

چونکە ئەو ناوانەی کە (گیاندار نین) لەگەڵ (دەڕوات) ڕێکناکەون.

کۆمەڵەی دووەم:

بڕوانە ئەم نمونانەی خوارەوە[٢٨]:

- خۆریش بەرەو بنکەی خۆی (لە گەڕاندایەو) دەڕوات. (سورەتی یس ئایەتی ٣٧)
- زانایانی بۆشایی ئەمریکی گوتیان: ئەو گەشتییەی بۆشایی ئەمریکی کە بەم دوواییانە ناردرابووە سەر مانگ ئێستاکە لە خولگەی چەسپاو بە دەوری مانگدا دەڕوات.
- هەسارە بە سیستەمێکی ورد دەڕوات.

(دەڕوات) بە واتای ( سوڕانەوە) دێت.

کۆمەڵەی سێیەم:

- کاتێ باران بە خوڕ دەبارێ، ئاو لە جۆگە بچووکەکاندا بە خێراییەکی زۆر دەڕوات.

لەم نمونەی سەرەوەدا (دەڕوات) بە واتای (هەڵدەقوڵێ) بەکار هاتووە.

کۆمەڵەی چوارەم:

لەم کۆمەڵەیەدا هەمان وشەی پێشتر دەبینین بەڵام بە واتای تر بەکار هاتووە:

- ڕۆژەکان بە خێرایی دەڕۆن.
- بێ ئەوەی هەستی پێبکرێ تەمەنی مرۆڤ زۆر بە خێرایی دەڕوات.
- کاتژمێرەکە بە هێواشی دەڕوات.

واتای(دەڕوات) لەم کۆمەڵەیەدا بە واتای( تێدەپەڕی، ) بەکارهاتووە.

کۆمەڵەی پێنجەم:

- هەوری چڕ بە خێرایی دەڕوات.
- با دەڕوات بێ ئەوەی کەشتی حەزبکات.

لەم کۆمەڵەیەشدا (دەڕوات) بە واتای (هەڵدەکات) دێت.

لەم نمونانەی سەرەوەدا واتای کاری(دەڕوات) لە میانەی هاوڕێیەتی(التساوق) یان لەکاتی چوونی ئەم کارە بۆ پەیوەندییە واتاییەکانی شیاو لەگەڵ توخمەکانی تردا دیاری دەکات و ڕون دەکاتەوە.

هەروەها نمونەی تری زۆر هەیە بۆ ئەم شێوانە بێجگە لە کار لە بەشەکانی تری ئاخاوتندا، بۆنمونە وشەی (گران) وەردەگرین بە پێی هاوڕێیەتی واتاکانیان دەست نیشان دەکەین:

کۆمەڵەی یەکەم:

- بەردەکە
- مێزەکە گرانە = قورس پێچەوانی سوکییە، سیفە تێکی مادی ڕاستییە لە شت.
- دەرگاکە

کۆمەڵەی دووەم:

- پیاوێکی گوێ گرانە. واتە (کەڕە)

کۆمەڵەی سێیەم:

- خوێن گرانە یان ئێسك گرانە (یەکسانە بە مرۆڤی بێزراو )

کۆمەڵەی چوارەم:

- دەستی گرانە = واتە لەکارکردن لەسەرخۆیە یان هێواشە ( لە وانەشە لەگەڵ واتای کۆمەڵەی یەکەم بێت بە واتای قورس، بە لاَم ناوتریَ پێیەکانی گرانە بەواتای ئەوەی کەلە ڕاکردن یان ڕۆیشتن هێواشە یان لەسەر خۆیە).

کۆمەڵەی پێنجەم:

- پیاوەکی گرانە = بەواتای ئەوە دێت کە پیاوێکی خاوەن هیمەت و بایەخە .

بە لێکۆڵینەوە لە واتای وشە لە میانەی کردەی هاوڕێیەتی(التساوق) دەتوانین لە سەر واتای وردی وشە بوەستین ، بۆ زانینی واتای وردی وشە دەبیَ باش لە ڕستە بگەین، ئەگەر بمانەویَ دەقێك وەربگێرینە سەر زمانێکی تر پرۆسەی وەرگێران بۆمان ئاسان دەبیَ – لەم لایەنەوە دیاریکردنی واتا بە ڕێگای هاوڕێیەتی دەتوانین لەکاتی پەرەسەندنی سروشتی بۆ زمان پەنجە لە سەر واتای زیندوو نازیندوو دابنێین یان( ئەوانەی پەرەیان سەندووە یان لەکار کەوتوون) . لە زمانی کوردی و زمانەکانی تردا سنووری بەکارهێنانی وشەو ترازاندنی واتای وشە لە بوارێکی تەسکدا بۆ بوارێکی فراوان بەستراوە بە کۆمەڵێك ڕووداوە وە لەو کارە گرنگانەی کە ڕاستەوخۆ دەوریان لە فراوانکردنی واتای وشەو بەکارهێنانیاندا هەیە بریتین لەو گۆڕانانەی کەلە کۆمەڵدا لە بواری جیاوازی ژیانی مرۆڤدا ڕوودەدەن وەك گۆڕانی کۆمەڵایەتی، زانستی، ئابوری، ڕامیاری... تاد ئەم جۆرە گۆڕانانە بە کەرەسەی زمان جێبەجیَ دەکرێن ، واتە هەموو بەرەو پێشچونێکی ژیانی مرۆۆ کاردەکاتە سەر چەشن و جۆری وشە و واتای وشە [٢٩] . واتە پەرەسەندن و فراوانبوونی واتای وشە دیاردەیەکی بەربلاَو و سوودبەخشە لە هەموو زمانەکاندا [٣٠] بۆ نموونە هەندیَ وشە لە زمانی کوردیدا واتاکەی پەرەی سەندووە و فراوان بووە، وەك وشەی(دەفتەر)لە دەربڕینی کۆندا تەنیا بە واتای (دەفتەری پەڕاو)ە، بە لاَم ئێستاکە لە زمانەکەمان ئەم وشەیە واتاکەی فراوانبووە و بۆ (١٠٠) وەرە قەی دۆلار بەکاردیَ، هەروەها واتای وشەی (نان) بە هەمان شێوە جگە لە کولێرە واتاکەی فراوانبووە و واتای خواردن و

بژێوی ژیانیش دەگرێتەوە[٣١]. بەڵام لەکار کەوتن و سست بوونی واتای وشە کارێکی گرانەو یەکسەر ڕونادات، بەڵکو لەسەر خۆ دەبێت ئەمەش لە ڕێگای هۆی تایبەتییەوە بەکارهێنانی هەندێ وشە کەم دەبنەوە و لە بەشی چالاکەوە دەچنە بەشی سستەوە، ئینجا وردە وردە کەمتر بەکاردەهێنرێن و تا بەیەکجاری لەسەرزاردەکەون ،بۆنموونە هەندێ وشەمان هەیە لە زمانی کوردیدا ئیستاکە بەگشتی لەکار کەوتوون، بەڵام لە فەرهەنگ هەندێکیان بەرچاو دەکەون وەك( ئەفەندی، چاوەش، کەندو ، داڵان...تاد)[٣٢]. فرەواتا کاتێ لەگەڵ هاوڕێیەتییەکانی(التساوق) لە ڕستەدا شی دەکرێتەوە هیچ گیروگرفتێك و ئاڵۆزیەکی نامینێ، بەکار هێنانی ئەو واتایەی کە مەبەستەکە ڕون وئاشکرا دەکات وەك وشەی (چاو ، خاڵ، شیر...) واتاکانییان لەم نمونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێ:

- پاشاکە چاوەکانی بەناو شاردا بلاّو کردبۆوە[٣٣]. (چاو= سیخور).
- کەس بە چاوەکانی میکرۆب نابینێ. (چاو= ئەندامی بینین)
- (خاڵ)
- خەڵوەتێکم ئەوێ خاڵی لەکەس و بێگانە

خاڵ و مام دەرنەکەون، دەکەوێ خاڵی گەردن (پیرەمێرد ل ٤١٠)

- (شیر)
- شاژنی چانسی بەشیر و شمشێر شەڕی دەکرد.
- شیری دایك زۆر بە سوودە بۆ منداڵ.

لە بەکارهێناندا جیاوازی ئەرکی کاتێ دەزانرێ کە یەك وشەیە (بەلای کەمی لەلایەنی دەنگی) .کاتێ ئەم جیاوازییە جێ بەجێ دەکا کە پۆلینکردنی وشە لە نێو دوو دەستەی ڕستەسازی جیاواز دەبن ، دەستەیەکیان (ناوە) جارێکیان و دەستەی کاریش جارێکی تر[٣٤]. هەروەك ئەمە لە وشەی (هەمانە ) لە زمانی کوردیدا دەبینری وەك:

- ئێمە هەمانە.
- هەمانەکە دڕاوە.

هەروەها بیرۆکەی هاوڕێیەتی یارمەتیمان دەدات بۆ خەملاندنی واتایوشەی تاکی ناو دەوروبەر لەگەڵ واتای تاکی تر.

**هاوڕێیەتی (التساوق)ی وشە چۆن دیاری بکەین:**

وا باشە لێرەدا بوەستین بۆ ئەوەی بپرسین ئایا چۆن وشەیەك یان کۆمەڵە وشەیەك بناسینەوە کە واتای وشەی تریان هەیە ؟ چۆن دەتوانین پەیوەندی واتایی نێوان وشەکان دیاریبکەین؟ ئەگەر وای دابنێین ناوی(س) واتای کاری(ص) ڕون دەکاتەوە نەك بە پێچەوانەوە، بنچینەی دیاریکردن لەسەر خودی وشەکە دەوەستێ، یان وشەکە پێویستی بە ڕاڤەکردن یان ڕونکردنەوەی واتایی هەیە، ئەم جۆرە

وشانە بە ناوك(كاكڵە)یان دادەنێین، بەڵام ئەوەی بە وشەكەوە بەندە واتاكەی دیاری دەكات، دەچێتە نێو هاوڕێیەتییەكانی ناوك. بۆ هەموو وشەیەك بواری هاوڕێیەتییان هەیە كە بریتییە لەو پێویستییەی كە وشەیەك لە وشەیەكی تریان كۆمەلە وشەیەكی دەوێ تاكو واتاكەی لە بەكارهێناندا ڕوون دەبێتەوە [٣٥]. هەروەك ئاشكرایە هەربەشێك لە بەشەكانی ڕستە دەست دەدەن بۆ ئەوەی ببن بە ناوكی هاوڕێیەتی ئەوەش پشت بەستن بە پێویستی وشە بۆ دیاریكردنی واتاكەی، ئەم لایەنەش دەتوانین لە میانەی ئەم دەقەی خوارەوەدا ڕون بكەینەوە:

( سەرەڕای سیاسەتی زەبرو زەنگ و ڕق و قینە ،كە ڕژێمی بەعس بەرامبەر بە كورد گرتبویەبەر، نەیتوانی ئاگری شۆڕش دابمركێنێتەوە. لە هەندێ بارودۆخدا هێور دەبۆوە بێ ئەوەی بەیەكجاری گڕوگڵپەكەی ببڕێ لە هەندێ بارو دۆخی تردا دوبارە لە ناكاو سەری هەڵدەدایەوە و گروگڵپەی زیادی دەكرد ، كاتێك لە ١٩ی تەمووزی ١٩٨٨ هێزە سەربازییەكانی رژێمی بەعس هێرشێكی بەر فراوانیان كردە سەر ناوچە ئازادكراوەكانی ژێر دەسەلاتی شۆڕشی كوردستان لەناوچەكانی خواكوڕك. لە خەیاڵیاندابوو گڕو گڵپەی بزوتنەوەی نیشتیمانخوازی بەیەكجاری دامركێننەوە و بۆ هەتاهەتایە خەونە ئەرخەوانییەكانی گەلێكی ستەمدیدە و بەشمەینەت و بێ پشت و پەنا لە گۆڕنێن. بەڵام لە بەرامبەر ئەو خەونە گلاوەی بەعسدا پێشمەرگەكانی لەشكری شۆڕشگێری كوردستان بەرگری و قوربانی دانێكی بێوێنەیان نیشاندا لە دواتر لە مێژووی بزاڤی رزگاریخوازی كورددا بە داستانی خواكوڕك ناونرا).

| وشە | هاوڕێیەتیەكانی | واتا |
|---|---|---|
| گرتنەبەر/ دەگرێتەبەر | سیاسەت | = ئەم شێوەیە پەیرەو دەكا |
| دامركانەوە/ دابمركێنێتەوە | ئاگر } تاك | = بكوژێنێتەوە |
| هێوربوونەوە/هێور دەبۆوە | ئاگر | = كەم دەبۆوە |

ئاگری شەر
ئاگری شۆڕش/ خەبات } لێكدراو
ئاگری ئاشوب( فیتنە)

| | | |
|---|---|---|
| سەرهەڵدانەوە/سەری هەڵدەدایەوە | ئاگر | = گروكڵپەی زیادی دەكرد |
| دامركانەوە/دامركێننەوە | گڕو كڵپەی بزوتنەوە | = نەهێڵن/ بكوژێننەوە |
| لەگۆڕنان/لە گۆڕنێن | خەون | = نەهێڵن/لەناو بەرن |
| بەرگری و قوربانیدان | شۆڕش | هێرشكردن |

لە ڕونکردنەوەکانی پێشتر بە دیاردەکەوێ کە هاوڕێیەتی(التساوق) دەشێ لە دوو ئاستی جیاواز بێ لە بەکارهێنانی زمانی : یەکەمیان بەکارهێنراوبێ بە بەکارهێنانێکی ئاسایی کە کەسانی بواری زمانەوانی پێی ڕازیبن ، فاکتەری ئەو بەکارهێنانە ئاسایشەش واتا فەرهەنگییەکانی وشەیە یان بەکارهێنانی تواناسازەکان لە زمانەوانی. دووەمیان کاتێ دەتوانرێ بە پێی بەکارهێنانی خوازەی وشە ڕاڤە بکرێ ، بەکارهێنانی خوازە بریتییە لە هاوڕێیەتی وشەیەك لەگەڵ توخمێ کە وشەکە لەگەڵی نایێ لە بەکارهێنانی ئاسایی. ئەگەر ئێمە سەرنج بدەینە ئەم نموونانە ی خوارەوە:

١- ڕۆژنامەیەکی خەوتووە.

٢- سەرنجەکانی شلەژا.

٣- وشەیەکی بێتاقەتە.

ئەمانە(خوازەن) لە ڕوی واتاوە ناڕێکن، تیۆری سیمانتیك بە ناوێزەی دادەنێ ڕێنەکەوتنی واتایی لە ڕستەکەدا دەبینرێ، چونکە (خەوتن، شلەژا، بێتاقەت) پێویستییان بە بکەرێك هەیە کەدەبێ گیانداریان مرۆڤ بێ ،ئەم جۆرە ڕستانە بە پراگماتیك لێکدەدرێنەوە. (٣٦)

بۆ جەختکردنەوەی هاوڕێیەتی وشە لەگەڵ شێوە بڵاوەکانی بەکارهێنان لە زماندا دەڕوات ، دەتوانین ئاماژە بە فەرهەنگ و کتێبە زمانییەکان بکەین، هەروەها دەتوانین لە قسەکەری زمان بپرسین ئەگەر زمانەکەی ئەم بەکارهێنانە قەبوڵدەکات یان نا، پەنا بۆ حوکمی بەکارهێنەری زمان ببەین یارمەتیمان دەدات لە قەبوڵکردنی یان ڕەتکردنەوەی بەتایبەتی لەو کاتەی بابەتەکە پەیوەندی بە بەکار هێنانەکانی پەرەسەندنەوە هەبێ .

## ئەنجام

لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەیەدا گەیشتووین بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- وشە تەنیا یەك واتای نییە کەتوانای گۆڕینی نەبێت، بەڵکو واتای وشە بەپێی مەبەستی قسەکەر

گۆڕانی بەسەر دادێت و دەگۆڕێ هەندێ لەم واتایانە بەئاشکرا دەتوانین بەهۆی دەوروبەرەوە دەست

نیشانیان بکەین وەك ئەو وشانەی کە هاو بێژو فرەواتاو هاوواتاو .......هتد ، بەڵام هەندێکی تریان

پێویستیان بەڕوونکردنەوەیەکی زۆر هەیە بۆئەوەی واتاکەی دیاری بکرێت .

٢- واتای وشە یەكێك لەم سێ وێنەیە وەردەگرێ (ا- واتای گشتی بەكارهێنانی بلاو، ب- واتای تایبەت، پ-واتای مردوو).

٣- سۆسێر ڕابەری ڕێبازی داماڵراو/ ڕووت( تجریدی)ە و واتای وشەی لە میانەی شیكردنەوەی چەمكی هێمای زمانی دەخاتە ڕوو، باوەری وایە كە واتای وشە دەبێ دوو لایەنی هەبێت فۆرم و واتا یان( ناو و ناولێنراو)، بەلاَم لەسەر ئەوەش سوورە كە ئەم دووانە لە یەكتر ناكرێنەوە و پەیوەندی نێوانییان لە خۆوەیە(اعتباگی).

٤- سۆسێر پەیوەندی نێوان فۆرم و واتا بە (هێما) دادەنێ بە لایەوە هێما دانەیەكی سەرەكی پەیوەندی كردنە. لە بەر ئەوەی (هێما) بە شێكە لە زمان و خۆشی بریتییە لە پەیوەندی، هێما دانەیەكی هۆشەكییە بەم جۆرە زمان بە لایەوە بریتییە لە پێرەوێكی هێمایی.

٥- بیروبۆچوونی سۆسێر لەبارەی هێمای زمانی هاوشێوەیە لەگەڵ بیروبۆچوونی لەبارەی زبان و گوتن ئەمەش بەوە ڕون دەبێتەوە كە چەمكی هێمای زمانی دابەشكرد بۆ دوو ڕێڕەو یەكێكیان هزری ڕووت ئەوی تر هەستی.

٦- هالێدای ڕابەری ڕێبازی ئەركی(وڤیفی)ە و واتای وشەی لە ڕێگای بیرۆكەی هاوڕێیەتی(التساوق) شیدەكاتەوە، بەلایەوە واتای هاوڕێیەتی ئەو واتایەیە كە لە ئەنجامی هاوڕێیەتی وشەیەك لەگەڵ وشەی تردا دێتە كایەوە. هەموو وشەیەك بواری هاوڕێیەتییان هەیە كە بریتییە لەو پێویستییەی كە وشەیەك لە وشەیەكی تریان كۆمەلە وشەیكی دەوێ تاكو واتاكەی لە بەكارهێناندا ڕوون دەبێتەوە.

٧- بیرۆكەی هاوڕێیەتی(التساوق) دەكرێ واتای وشە ڕونبكاتەوە پێش دەوروبەر پەیوەندی هاوڕێیەتی ئەو پەیوەندییەیە كە وشەكان پێكەوە و لە پەیرەوێكی چەسپاو بەكاردەهێنرێن. واتە هاوڕێیەتی ئاماژە بەو كۆت و بەندانە دەكات كە لەسەر چۆنییەتی بەكارهێنانی وشەكان پێكەوە هەن بۆ نموونە كام پریپۆزشن لەگەڵ كام كردار یا ناو بەكاردێت، یان كام كردار لەگەڵ كام ئاوەڵناو، یان ناو لەگەڵ ئاوەڵناو ... هتد . جیاوازی واتای هاوڕێیەتی و دەوروبەر لەوەدایە كە بواری دەوروبەر زیاترە لە هاوڕێیەتی.

پەراوێزەكان

١- ه. د. ویدووسن ، ٢٠٠٨، ١٣٠.

٢- بروانە ئەم سەرچاوانە: ( محمد محمد یونس، ٢٠٠٤، ٢٣٤-٢٣٧. احمد مختار عمر، ١٩٨٢،ص ٥٤.)

٣- د.فاروق عومەر سدیق، ٢٠١١، ل٢٨.

٤- يحيى احمد، ١٩٨٤، ٦٣.
٥- محمود حجازى ، ١٩٧٣، ص ١٥
٦- عەبدولواحيد موشير دزەيی، ٢٠١٠، ل ١١٥.
٧ -Palmer ,١٩٧٦،٢٦ ff

٨بڕوانە ئەم سەرچاوانەی خوارەوە:
أ-( د.وريا عومەر ئەمين، ديساسۆر دامەزرێنەری زمانی تازە) ،
ب- (موحازەرەكانی خوێندنی بالاّ(ماستەر) زمانەوانی ك١، ١٩٩٣ )،
پ.(سۆسير ، ١٩٨٨، ص٨٤)
٩- بڕوانە ئەم سەرچاوانە:
أ- د. وريا عومەر ئەمين،٢٠١١،٤٢.
ب- موحازەرەكانی د.محەمەد مەعروف فەتاح ، واتاسازی، خوێندنی بالاّ(دكتۆرا)،٢٠٠٠.
١٠- - د. فاروق عومەر سديق، ٢٠١١، ل١٣.

١١- سوسير ، ١٩٨٨، ص٨٤.
١٣-محمود حجازى، ١٤:١٩٧٣.
١٤- سؤسير ،١٩٨٨: ٧٠.
١٥- ابراهيم أنيس ،١٩٦٣، ٦٤.
١٦- محەمەد مەعروف فەتاح، ١٩٩٠، ل ٨.
١٧- E. Benveniste, ١٩٧١ ١١٤.

١٨- يحيى احمد ، ١٩٨٤، ص ٦٦.
١٨- هەمان سەرچاوەی پێشو
١٩- يحيى احمد، ١٩٨٤، ص٦٦.
٢١ -Halliday ,١٩٧٣: ٩٩

٢٢- عەبدولواحد مشير دزەيی، ٢٠١٠، ل١١٥.
٢٢- ساجيدە عەبدوڵلاّ فەرهادی، ٢٠١٣، ل٩.
٢٤-Halliday ,١٩٧٣: ٩٩

٢٥- ه. د. ويدووسن ، ٢٠٠٨، ١٣٠.
٢٥- يحيى احمد، ١٩٨٤، ص٦٢.
٢٦- هەمان سەرچاوەی پێشو، ص٦٥.
٢٧- يحيى احمد، ١٩٨٤، ص ٦٣.
٢٨- ئەورەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٥، ل٥١.
٢٩- د.ابراهيم انيس، ١٩٦٣، ص١٥٥.
٣٠- محەمەد مەعروف فەتاح، ١٩٩٠، ١٠١.
٣١- ئەورەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٥ ، ل٥١.
٣٢- يحيى احمد، ١٩٨٤، ص ٦٥.
٣٤- Halliday ,١٩٦٤: ١٥٧.
٣٥- Sinclair ,1966: 415 ff.

٣٦- محەمەد مەعروف فەتاح، موحازەرەكانی خوێندنی بالاّ دكتۆرا(واتاسازی) ساڵی٢٠٠٠.

سەرضاوەكان

**سەرچاوەکان بەکوردی :**

- **ئەورەحمانی حاجی مارف، وشەی زمانی کوردی، ١٩٧٥، بەغدا.**
- **ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی، هەندێ لایەنی ڕستەسازی زمانی کوردی، ٢٠١٣، هەولێر.**
- **د. عەبدولواحید موشیر دزەیی، واتاسازی وشەو ڕستە، ٢٠١٠،هەولێر.**
- **د. فاروق عومەر سدیق، لە دایکبوونی وشە، ٢٠١١، سلێمانی.**
- **محەمەد مەعروف فەتاح، موحازەرەکانی خوێندنی باڵا دکتۆرا(واتاسازی) ساڵی٢٠٠٠.**
- **..............................، موحازەرەکانی خوێندنی باڵا(ماستەر) زمانەوانی ك١، ١٩٩٣.**
- **..............................، زمانەوانی، ١٩٩٠، هەولێر.**
- **پرۆفیسۆر هـ.د. ویدووسن، وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە د.هۆشەنگ فاروق،٢٠٠٨، چاپخانەی خانی(دهۆك).**
- **د.وریا عومەر ئەمین، دیساسۆر دامەزرێنەری زمانی تازە.**
- **.........................، پیتۆکەکانی زمانەوانی، دەزگای ئاراس، ٢٠١١، هەولێر.**

**سەرچاوەکان بە عەرەبی:**

- ابراهيم أنيس ،دلالة الالفاظ ، ١٩٦٣ ،القاهرة.
- احمد مختار عمر، علم الدلالة، ١٩٨٣، الكويت.
- سوسير ،علم اللغة، ت. ديوئيل يوسف، ١٩٨٨،مو صل.
- **محمد محمد يونس، مقدمة فى علمى الدلالة و التخاطب، ٢٠٠٤، ليبيا.**
- **محمود** حجازى ، علم اللغة العربية، ١٩٧٣، الكويت.
- يحيى احمد،١٩٨٤، المجلة العربية للعلوم الانسانية ،المجلد الرابع.

**سەرچاوەکان بە ئینگلیزی:**

- **E. Benveniste, 1971, Problems in General Linguistics.**
- **M.A.K. Halliday , 1964 , Linguistics in the Description of Language.**
- **M.A.K.Halliday , 1973 ,Exploration in the Functions of Language.**
- **F.R.Palmer , 1976 , Semantics.**
- **Sinclair ,1966 ,Beginning the stdy of lexis.**

# معنى الكلمة بين فرديناند دى سوسير وهاليدي

أ.م.د. ساجدة عبدالله فرهادى
كلية اللغات/قسم اللغة الكردية جامعة الصلاح الدين

**ملخص البحث**

هذا البحث الموسوم ب (معنى الكلمة بين فرديناند دى سوسير و هاليدي)، يتناول معنى الكلمة في نظر هذين اللغويين اللذين يتبعان منهجين مختلفين، و فكرتين متباينتين تجاه تحليل معنى الكلمة، ويعد دي سوسير رائد المنهج التجريدى، ولذلك يوضح معنى الكلمة بتحليل الرمز اللغوي، ويربطه بثنائية(الدال و المدلول)؛ اللذين لاينفصلان عن بعضها، و العلاقة القائمة بينهما علاقة اعتباطية، و يجعل العلاقة بين الدال و المعنى رمزاً، ويَعُدُّ الرمز وحدة جوهرية لهذه العلاقة، لأن الرمز جزء من اللغة، وهو عبارة عن العلاقة، و الرمز عندة وحدة ذهنية أيضاً؛ ولذلك يرى أن اللغة هي نظام رمزي. أما هاليداي فهو رائد المنهج الوظيفي، ويحلل معنى الكلمة في ضوء فكرة التساوق أو التسييق، و برزت هذه الفكرة في الستينات، إذ يذهب إلى أن معنى التسييق يظهر من خلال تسييق المفردات(الكلمات) مع بعضها.

يندرج هذا البحث ضمن المستوى الدلالي عموماً، و يعالج كيفية تحليل معنى الكلمة، وقد اتبعَ في تحليل معنى الكلمة المنهج الوصفي التجريدى و المنهج الوظيفي، و تشمل مادة البحث اللهجة الكردية الوسطى، وأستُقرِئَت نماذجه و جملة من الكلام اليومى المتداول، ومن النصوص الأدبية كالروايةو الشعر.

و وُزِع مضمون البحث على محورين بعد المقدمة و التمهيد، ويحدد التمهيد المعنى و أنواعه بشكل عام، مثل معنى الكلمة، و معنى الجملة، ثم يوضح بعض التوجهات المتعلقة بمعنى الكلمة، و يبحث أيضاً في أنواع معنى الكلمة من حيث الاستعمال.

أما المحور الأول فاختص بتحليل معنى الكلمة في نظر دي سوسير، ويتضمن(طبيعة الرمز اللغوي، ومفهوم الرمز اللغوي عند دى سوسير...

و المحور الثاني عُنِونَ ب(معنى الكلمة في نظر هاليداي)، واختص بتحليل معنى الكلمة عند هاليداي، ويعرض توجهاتة و أفكاره بشأن تسييق الكلمات.

وأُختُتِم البحث بأهم النتائج التي توصل اليها، و يليها ثبت المصادر و المراجع و ملخص البحث باللغتين العربية و الإنكليزية.

# Word meaning between Ferdinand de Saussure and M.A.K. Halliday

**Asst. Prof. Dr . Sajide Abdullha Ferhadi**
**Salahaddin University / College of Languages**
**Kurdish Department**

**Summary of the research**

The research is entitled as " Word meaning between Ferdinand de Saussure and M.A.K. Halliday. It is concerned with the meaning of the word due to these two linguists who are in the same school but each has different views about the analysis of the meaning of the word. Saussure is considered as the pioneer of the structural school, clarifies the meaning of the word by analyzing the linguistic symbol, then links it with dual "langue" and "parol" which are not separate from each other and the relation between them are random. This process makes the relation between speech and meaning as symbol. The symbol is a basic unit in this relation because the symbol is a part of the language. The symbol is also a mental unit. So Saussure sees that language is a symbolic system. But Halliday who is the pioneer of the functional school, analyses the meaning of the word in light of both these units .

This idea has been appeared in the sixties which deals with the meaning of the context of both through both words with each other.

This research generally deals with the level of semantics and it is concerned with the way of the analysis of the meaning of the word. It follows both schools the structural and functional one. The material dealt with in this research is the medium Kurdish dialect. Everyday language is the main sample of the research. Also certain literary texts are chosen as samples like novel and poetry.

The body of the research includes two sections: Introduction and an Abstract which specifies the meaning and its types generally like the meaning of the word, the meaning of the sentence and clarifies some concepts related to the meaning of the word. It also searches for the types of the use of meaningful word.

The first section presents the analysis of the meaning of the word due to Saussure's views, it includes the nature and concept of linguistic symbol .

The second section is entitled as the meaning of the word due to Halliday . And it is specific with the analysis of the meaning of the word and his views and ideas concerning the context of words.

The last part presents the conclusion and main results the researcher reached at. Then followed by references and finally the abstract in both Arabic and English language.